# رەخنەگرتن لە زانكۆدا

**ن/موحەمەد گەلاڵەیی**

**زانكۆی سەلاحەددین_بەشی مێژووی كورد**

mohammad_galalaye@yahoo.co.uk

**لەسەرەتاداپێویست ناكات پێناسەیەكی كورتو درێژی زانكۆ بكەین،لەبەرئەوەی هەریەك لە ئێمەی تاكی ناو زانكۆدا،دەزانین زانكۆ چی یە؟بۆچی لەو دەزگا باڵا مەعریفیوزانستیو زانیاریەیە دەخوێنین؟كە ئەویش زانكۆیە.ئەو زانكۆیەی كە ئێمەی فێرخوازبۆ چوار ساڵوهەندێكی تریان بۆچەند ساڵێك لەوە زیاتر تێدا دەخوێنن.**

**زانكۆ لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی ترجیاوازیهەیە،بەدەریش نییەلە كەموكوڕی ئیداری یان تەكنیكیوزانستی بێت،بەتایبەتیش زانكۆكانی ناوچەی رۆژهەتی ناوەراست كەمو كوریان زۆرەو گەندەڵیشیان تێدا زاڵە.جابۆیە لێرەدا رووبەررووی رەخنەی جۆراوجۆر دەبینەوە ،كە زانكۆی ئێمەش بەدەر نیەلیٚ،جا ئایا ئەورەخنەی تۆ لە ئیدارەی زانكۆ بێت یاخود لە مامۆستاو هاورێكانیشت بگرە،هەندێك جاررەخنەیان ئاراستە دەكەیت چ بە قسەكردن لە بەرامبەریاندا یان بە نووسین لە رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەی ئەلیكترۆنی ویاخود لە رادیۆوتەلەفزیۆنەكاندا.ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەورەخنەیەیە كە فێرخوازی زانكۆ بە قسە لەبەرامبەر مامۆستای زانكۆدا دەری دەبرێت گەر بێتو رەخنەكان بەرهەم داربنوبەمەبەستی چاك سازی بێت لە زانكۆدا ئەوا وڵات وبوارەكانی ژیان بەگشتی پێشدەكەون.كە مامۆستای واهەیە ناتوانی بچوكترین رەخنەی ئاراستە بكەیت كە سڵاویش ناكات ،پار سال مامۆستایەك هاتە ژوورەوە پاش سیٚ خولەك زەنگێكی مۆبایلی هاوپۆلێكمان هات،هەزارویەك رەخنەیوقسەی ئاراستە كردین بەلاٚم قەردەریش وا رێكی خست كە هەر بۆ جێگای دڵخۆشی ئێمەش بوو.راستەوخۆ زەنگی مۆبایلی مامۆستاش هاتو نەیتوانی  قسەبكات ئێمەش نەمان توانی رەخنەی لی بگرین تەنیا پێكەنینوبەس مامۆستای واش هەیە ناتوانین پرسیباریئەو بابەتەشی لیٚ بكەین كەدەیڵێتەوە لە ژووری موحازرەدا.لەلایەكی ترەوە ناتوانین ئەوە لە مامۆستاكانمان بپرسین،بۆچی بڵاوكراوە ودانراویان نی یە؟كە رۆژێك ئەو پرسیارەمان ئاراستەی یەكێك لە مامۆستاكانمان كردلەوەلاٚمدا ووتی :بۆ ئێمە هونەرمەندین هەر رۆژەوكاسێتوكلیپی گۆرانی دەربكەین زۆر سەیرە مامۆستایەكی زانكۆوەلاٚمی فێرخوازێك بەو شێوەیە بداتەوە كە زۆر سەیرتریش دەبێت كە ئەم وەلاٚمانە شوێنی وەلاٚمی زانستیومەنتیقی بگرنەوە.ئەوەی لێرەدا تێگەیشتین ناتوانین لە بەرامبەر مامۆستای زانكۆدا  سادەترین رەخنە تا دەگاتە زەقترین رەخنە بگرین ،لەبەرئەوەی باسمان كرد ئەوە بوو كە خوێندمانەوە لەبەر چەند هۆكارێكی تر كە بووینە فاكتەری كارتێكەر بۆ ئەوەی هیچ كات رەخنە نەگرین،بەلاٚم رەخنە گرتن لە ئامانجو دەربریندا جیاوازەوكە مامۆستایان بەهەر شتێكی تری تێبگەن.جائەوەی پێویستە لەبڕی كۆتایدا بنووسم ئەوەیە با ئێمە هەموومان رەخنە لە یەكتری بگرین بۆ ئەوەی وڵاتی پیٚ پێش بخەین نەك بە پێچەوانەوە .**

**منیش لەگەڵ ئەو رەخنەیە دانیم كە هەم زانستی فێرخوازو مامۆستاو لە ناو دەبات وە شتێك ناروێنێت،بەڵكو لەگەڵ ئەو رەخنەیەم كە وەكو دارێك بڕوێت و بەرهەمەكەی شیرین بێتو سودیهەمووومانی تێدا بێت.**

**كوردستانی باشوور_شاری سۆران**

2005/12/14_ **رۆژی چوارشەمە**